# له چ شوێنێك تۆ نانبینم

## جەزا چنگیانی

تۆ لەم شارە نیت...کەچی لە هەموو شوینێکدا تۆ دەبینم..یان من کوێرم تەنیا یەك دیمەن دەبینم ..ئەویش تۆیت...یان تۆ خۆایت ولە هەمووبوونیکدا ووینەت هەیە...توو حەزرەتی عیسا هەر ئەمجارە بگەڕێوە ..مەرج بێت دەرپێیەکی کورت لە پەڕەکانی تەورات لە دروستبکەم . لە تۆ زیاتر بۆ هیچ ناوگەڵ لینجێکی تر..لە کەنیسەی ژووری نووستنەکەمدا دانەکەنم......وا مانگێکی ڕەبەق وچەند ڕۆژێکە جەستەمان لەیەك پچڕاوە . من دەزانم تامی لێوی پیاوە سپیرەکانت لێوت وەك لێوەکانی من شیرین ناکەن....تۆ دەزانی لێوی ووشکی بیٚ ماچی تۆ بە لێو و زمانە تووتەی ئافرەتە سپیرەکانی من بۆن خۆش و پاراو ناکەن . ئێمە ئەم ڕاستیە دەزانین .. ئەی بۆ لەیەك دوورین ؟

توو حەزرەتی عیسا و ڕوحی نالی و پۆشکین ئەمجارەیان بگەڕێوە ؟ ئیتر درۆت لەتەك ناکەم . بە ڕیگای سیکسی قاچاخدا بە هیچ جۆریٚ گوزەرناکەم .لێوی هیچ کچۆڵەو قەیرە کچیك لە لێوم نانێم . کچیٚ بڕوا بکە بە قەد ئامێزی فراوانی ئەم شار بیرت دەکەم ... هێندەی ژمارەی عاشقەکانی ئەم دونیاییە تاسەی دووری شەوێکی ڕووت و مژینی زمانە تووتەی بەر موسەڵانت دەکەم . سوێند بیٚ بگەڕێوە بۆ تۆ نەبیٚ بۆ هیچ ئافرەتێکی تری ئەم شارە خۆم ڕووت نەکەم.. زمانی حەزم بە لینجاوی نیوگەڵی تۆ نەبیٚ لە مانگی ڕەمەزانی بیٚ ماچی تۆدا بە لینجاوی هیچ ئافرەتێکی تر ڕۆژوی حەزم نەشکێنم ؟..

ئاخر واسالێکە من و تۆ یەکتر دەخۆین , هەموو ژەمێك دوای گازەکانم لە جێگەیان لە لەشی پەشمەکی تۆدا لە جیاتی گۆشت گولە ئەرخەوانیێك دەردەدەن.... لە جیاتی گاز و مژین و ماچەکانی تۆش هەموو جەستەتی تووکنی گەرمیانی من دەبن بە پەڵەیەك ریحانەی گەنمڕەنگ .. هەر ئەمجار بگەڕیوە ئیتر تۆبە قاچاخ ناڕۆم ..لە ترسی دۆزەخەی شەوانی بیٚ تۆ...ناو گەڵی هیچ ئافرەتێك بە شیرئاوم لینجئاوی لینجتر نەکەم. هەر ئەمجار بگەڕیوە . لە تەك چەپکە گوڵێکی سوردا تەوراتێکت پیشکەش دەکەم لە جیاتی سوێند دەرپییەکی لێدروستدەکەم..هەموو پەرتووکە پیرۆزە خەیاڵییەکانی تری ئەم دونیایەش دەکەم بە لاقی پییٚ چرپایەك تۆی لەسەر پاڵدەخەم .. دەزانی بۆ بۆئەوەی بزانی تۆ لە گشتیان پیرۆزتری....هەر ئەمجار بگەڕێوە هەر خۆم دەزانم لە کەنیسەی ژووری نووستنەکەمدا بە جەستەی ڕووتەوە لە بەر دەم محرابی جەستەی ڕووتی تۆدا چۆن سوجدە ....تۆبە دەکەم .. ئۆۆ خوایە وایی چۆن سێکسیٚ دەکەین ؟؟

سانپیترسبۆرگ 2006/10/26

jazachingiani@hotmail.com

www.chingiani.de